# دەمەزراندنی پەرلەمانی عەربی یان درێژەدان بەڕژێمەسەپاوەکان

فەرەیدون حەمەرەشید سویسرا
faraidun_73@hotmail.com

**06/01/02**

بۆیەکەمین جارلەمێژوو و ئەزموونی سیاسی جیهانی عەرەبدا مۆدیلێکی تری سیاسی هاتەگۆڕێ،ئەویش هاتنەئارای پەرلەمانیکی عەرەبی یە،کەلە27ی دیسەمبەری 2005دا بەئامادەبوونی حوسنی موبارەك ی سەرۆکی میسرو نووێنەری هەردوو سەرۆکی جەزائیروسوریا وعەمەرموسای سەرۆکی جامیعەی عەرەبی لەقاهیرەی پایتەختی میسر دەستی بەکارەکانی خۆی کرد،پەرلەمانی عەرەبی 88کورسی لەخۆدەگرێت بەرێژەی 4کوردسی بۆهەر وولاتێك.،ئایاهاتنەکایەی پەرلەمانی عەرەبی بەناوێکی قەبەونوێنەرایەتی هەربیست ودوودەوڵەتی عەرەبی بێ پاشخانی کلتوری دیموکراسی لەسەرفۆرم وترازی پەرلەمانی ئۆروپا دەیەوێت چ دەورونەخشێکی سیاسی لەناوچەکەبگێڕێت،یان ترس ولەرزیکە بەمەبەستی هەنگاوهەڵگرتن لەگەڵ ڕەووتی ڕووداوگۆڕانکاریەکان وبەرەنگاربونەوەی ئەگەروپێشهاتەکان، خەباتی پەرلەمانی دوورلەخۆڵکردنەچاوی جەماوەر بەدەرلەدروشمی درۆینەوچەواشەکاری ودیماگۆگیەت، بەڕووە ڕاستەقینەکەی ماناى دەسەلاتی دیموکراسی وفەراهمکردنی مافی هاوولاتیبوون و قبولکردنی فرەلایەنی وفرەکلتووریە نەسڕینەوەو نەتواندنەوەی مافی کەمینەکان لەبۆتەی زۆرینەی خاوەن سەردەست ودەسەلاتدا .،ئایائەمەبەرخووردی سیاسەتی واقیعی حاڵی وولاتانی عەرەبی یە؟.لەژێرچەتروسێبەری دەسەلاتی هەربیست ودوو دەوولاتانی عەرەبی دا نەتەوەکانی جیاواز لەنەتەوەی عەرەب ئاینەکانی جیاوازلەئیسلام ئازادانەمومارەسەی مافەنەتەوایەتی یان ئاینی ومەزهەبیەکانی خۆیان کردووە،یان بەپێچەوانەوەبەهۆی جیاوازبوونی شوناسی نەتەوەیی لەنەتەوەی زەبەلاح وهەڵگری ئاینێکی جیاوازتر لەئاینی زۆرینە بەرەوڕوی توندوتیژی دەسەلات وقڕکردنی بەکۆمەڵ بوونەتەوە،ئەگەرپاکتاوی نەژادی نەکرابن ئەوامافەکانی هاوولاتیبونیان پێ نەبڕدراوەو بەهاوولاتی نائاسایی وپلەدووبەئەژمارهاتون و دێن ، خۆدزینەوەلەکێشەی نەتاوایەتی خەڵکی کوردستان لەهەردوو وولاتی عێراق وسوریا،ڕەشەکوژیکردنی خەڵکی دارفورلەلایەن ڕژێمی سودان،،مێژووی کۆنی سەرگوزەشتەی قیبتیەکان لەمیسر،حاشاکردن لەشوناسی بەربەریەکان لەمەغریب و زۆرشتی تر،بەڵگەی حاشانەوەیستە بۆئەوعەقڵ و تێزەی تاهەنوکەباوەڕی بەنەتەوەوکلتوری جیاوازلەخۆی نەبووەو دەشیەوێت لەسەرئەم کلتوورەبەردەوامەبانگەشەی کاری پەرلەمانی عەرەبی بدات،،ڕەوش وحاڵی دیموکراسی لۆکال بۆخوودی هاوولاتیانی عەرەب ونەتەوەی سەردەست_یش لەوولاتانی عەرەبی خاڵی نیە لەدیموکراسی کارتۆنی وسەرکوتی بەردەوامی ڕژێمەدیکتاتۆرەکان ئەگەرواز لەڕابردوویەکی دووربێنین وتەنها تیشك بخینەسەر ڕووداوەکانی چەندمانگی ڕابردووی ساڵی 2005، لەلوبنان بەدەستێوەردانی خوودی ولاتانی عەرەبی ڕەفیق حەریری سەرۆك وەزیرتیرۆرکراوڕۆژنامەنووسەبوێرەکانی ئەو وولاتە بۆبەدەنگهاتن لەپرسی ئازادی ودیموکراسی بەردەوام لەبەردەم ڕێژنەی تیرۆردان،،لەمۆریتانیا ئاڵوگۆڕی دەسەلات بەکودەتایی سەربازی دەستاودەستی پێکرا.،لەمیسری لانکی ڕۆشنبیری عەرەبیدا (ئەیمەن نور)ی سەرۆکی حزبی ئەلغدوپاڵێوراوی ڕکەبەری حوسنی موبارەك بۆپۆستی سەرۆکایەتی بەپێنج ساڵ زیندانی کرا.هتد،، نەك هەمووئەوئامارژانە بانگی مردوی ولەبارچووی لەدایکبونی ئەوپەرلەمانە عەرەبیەدەدات،بەڵکوئەزموونی سەرنەکەوتووی نیوسەدەی جامیعەی عەرەبی لەکارەکانیدا وبێ توانایی لەچارەسەرکردنی کێشەوبارگرژیەکانی وولاتانی ئەندام لەوکۆمەڵەیە نمونەی سەرنەکوتووی کاری هاوبەشی وولاتانی عەرەبی یە،.لێرەشدانوێنەرانی پەرلەمانی عەرەبی بەدەنگی جەماوەری عەرەبی وپرسی دیموکراسی نەبوونەتە نوێنەرایەتی پەرلەمانێك بۆکۆمەڵگای عەرەبی بەڵکووزمانحاڵ و نوێنەرایەتی ڕژێمەدیکتاتۆرەکان و پاشایەتیەکان دەکەن، وەك داشی دامەی ڕژێمەکان لەجێبەجێکردنی پەیام وسیاسەتی دەسەلاتەبەزۆرسەپاوەکاندا ڕۆڵی نوێنەرایەتیەکی دوورلەئیرادەی خەڵك وچەواشەوکارانەی کۆمەڵگابەڕێوەدەبن،لەکاتێکدا وەهاش بڕیارەبارەگای هەمیشەیی

پەرلەمانی عەرەبی لەدیمەشقی پایتەختی سوریابێت کەووڵاتێکەسەرەڕای بڕوانەبوونی بەناسنامەو مافی نەتەوەجیاوازەکان وپێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ،لەلایەن ناوەندەدیبلۆماسیەبڕیاردەرەکانی ڕۆژئاواو ڕێکخراوەجیهانیەکانی مافی مرۆف خاوەن دۆسیەیەکی ڕەش وپەراوێزخراوە وئەئکیدی گۆڕینی ڕژێم ودەسەڵاتی سیاسی یەکەی دەکەریتەوە،بۆیە بەهەمووپێوانەیەکی دیموکراسی ئەوهەرەمە باڵایەی دەسەڵاتی عەرەبی کەلەوپەرلەمانەنوێ یەدا خۆی نمایش دەکات ودەیەوێت نوێنەرایەتی کۆمەڵگای عەرەبی بکات دوورەلەواقیعی دیموکراسی و نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خەڵك.،بەڵکوئەوانە نوێنەرە پاڵەوانەکانی حزبی قائد و بەندە موخلیسەکانی تەختی پاشایەتین بۆدرێژەدان بەهەلومەرجی نادیموکراسی.،بۆیە پەرلەمانێکی ئاوەها بەبێ دەستبردن وهانگاوهەڵێنانێکی ڕیفۆرمخوازانەلەتەواوی بوارەجیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵگای عەرەبی،دەزگایەکی خاڵی یە لەدیموکراسی نوێنەرایەتیەکی درۆزنانەیە بەناوی ملیۆنەها هاووڵاتی عەرەبەوە کەنەهامەتی وناعەدەلاتی کۆمەڵایەتی زیاتربۆجەماوەری عەربی کەڵەکەتردەکات ...